# کچانی شازادەش کراسی کوردی دەپۆشن!!

هەر وەك چۆن خانمانی گەورە، بەجوانترین ڕێگە و شێوەوە خۆیان جوان دەکەن و کاری جوانکاری بەسەر گشت لایەنێکی جەستەیان دادەکەن، بەم شێوەیە مافی شازادە بچووکەکانیشە تاوەکو وەك گەورەکان بێبەش نەبن لەجوانی و ڕازاندنەوەی خۆیان، هەندێك جار دەبینن کچانی منداڵ پێڵاو یان جلی دایکیان دەپۆشن، ئەمەش وەك لاسایی کردنەوەیەك لەمۆدە و کەرەستەدا، کچانی شازادەش پێویستیان بەجلوبەرگ دەبێ، ئەوانیش وەك خانمی گەورەکان کراسی کوردی دەپۆشن، کچانی بچووك لەگەڵ ئەوەی جەستەیان بچووکە، بەڵام دەتوانن هێمای جوانی جلی کوردیان لێ بەدی بکەین، ئەمەش بەڕێگەی ئامادەکردنی جلی کوردی بۆ خانمانی شازادە، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٧ تا ١٢) ساڵیدا دەبێ، چونکە دیمەنێکی جوان و خنجیلانەیان هەیە کاتێك کاری لاسایی جوانکاری لەلایەن خوشك و دایکی ئەو منداڵانەوە ئەنجام دەدرێ، ئەو چەند وێنەیە نموونەیەکی زیندووە بۆ چەند خانمێکی شازادە کە کراسی کوردیان پۆشیوە، تەنانەت جگە لەوەی شێوەیەکی جوانیان هەیە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی گشت کچانی دیکەی لەم تەمەنەدا کراسی کوردی بپۆشن کە لەلایەن دایك و باوکیان بۆیان ئامادە بکرێ، چونکە شێوازێکی جوان و تایبەتی هەیە.





## ڕازاندنەوەی سف

ماڵەکەت پێویستی بەهەنگاوی گەورە و بچووکە، تا ناشیاوی لەجوانکاری و مۆدەکاندا دەربچێ و لەگەڵ شێوازی تازە ڕێگە بگرێ، چونکە هەر یەکە لەو لایەنانەی لەماڵەکاندا هەیە، دەکرێ سوودێکی گەورەی هەبێ تاوەکو بتوانین لەدیکۆرێکی بچووکی ماڵدا گەورەترین جوانی بەدەست بهێنین، یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەی کە بۆ ماڵ ئەنجام دەدرێ، ئەویش دانانی سەر خوان و سفرەکانی خواردنە، سفرەی خواردن یان

## جەنتا لەنێوان جوانی و سوود بەخشیندا



لەگەڵ وەرزی بەهاردا، جوانی گشت لایەنەکان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە هەنگاو دەنێ، بەمەش دەتوانین سوود لەگشت مۆدەکان وەربگرین تا لەئەنجامدا شایستەترین مۆدە دابین بکەین، جوانی بەهار لەڕەنگ و دیمەنە سروشتیەکەیەتی، چونکە دەکرێ لەبەهاردا داهێنان بکرێ لەگەڵ جلوبەرگ و ئێکسسوار و کەرەستەدا، یەکێك لەو کەرەستە پێویست و سەرەکییانەی کە هەردەم لەگەڵ خانمانی کچ دایە، ئەویش جەنتای دەستەکەیانە.



ئەو ئێکسسوارە سەرەکییە دوو لایەن لەخۆی دەگرێ، یەکێکیان وەك کەرەستەیەکی جوانکاری و لەوەی بەچ نەخش و شێوەیەك دەبێ یان چ جۆرە ستایلێکی بۆ ئامادە دەکرێ، هەروەها ئەوەی بەپێی پسپۆڕانی بواری جوانکاری ئاماژەی بۆ دەکەن، لەمۆدەکانی ئەمساڵدا دەکرێ سوود لەجەنتای گەورە وەربگری، لەگەڵ بوونی مەرجێکی گرنگ کە لەچ جۆرە ڕەنگێك بێ، چونکە ڕەنگی جەنتاکان کار دەکاتە سەر ڕەنگ و شێوازی جلوبەرگ. سوودی دووەمیش بریتییە لەکەرەستەیەك بۆ هەڵگرتنی زۆرترین کەرەستەی پێویست تا لەناو جەنتاکەدا جێگەی ببێتەوە و هەڵبگیرێت.





## جوانی کێک لەڕۆژی ئاه



لەڕۆژی ئاهەنگی بووك، دەبێ هەموو لایەنەکان بەپێی ئامادەکاری و دابینکردنی گشت کەلوپەل و کەرەستەکان بەجوانترین شێوە بێ، تەنانەت هەندێك لایەن هەن کە کار دەکەنە سەر شێواندنی ئەو ڕۆژە، بۆیە دەبێ زۆر بە وریاییەوە گرنگی بەگشت ئەو کەرەستە و جلوبەرگ و ئێکسسوارانە بدرێ کە لەم ڕۆژەدا پێویستن، تا ڕۆژێکی پڕ لەخۆشی ببەخشێ. لەڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریدا







# مۆدەی ڕەنگی قاوەیی بۆ جلوبەرگ

گۆڕانکاری لەنێوان مۆدەکانـــی جلوبەرگدا، تایبەتمەندی خۆی دەوێ لەوەی چ جۆرە جلێك جێگەی شایستەیی خۆی دەبێ، تەنانەت گۆڕانی وەرزەکانی ســـاڵ کار دەکاتە ســـەر گۆڕانی مۆدەکانی جلوبەرگ، بەم ڕێگەیەش دەتوانین گەورەترین سوود وەربگرین لەمۆدەی تازە، بەتایبەت لەڕەنگـــی جلەکان. جوانـــی ڕەنگی جلوبەرگ پابەنـــدە بەحەزی ئەو کەســـەی کە دەیەوێ بیپۆشـــێ، یان مۆدەکانی جلوبەرگ دەیسەپێنن لـــەوەی چ مۆدەیەك بـــاوی هەبێ، بۆ وەرزی ئێســـتا و مۆدەی تازە ڕەنگـــی قاوەیی دەبێتە یەکێك لەبەرزترین ڕەنگ تاوەکو کراس و بۆدی و کەرەستەی دیکەی جوانکاری لەسەر دابنرێ، یەکێك لەدوو جوانترین بلوز یان بۆدی، هەندێك لەشێوەی کراس وایە، بەڵام زیاتر خۆی لەبۆدی و بلووز دەنوێنێ. لەم ڕێگەیەدا ئەو دوو جۆرە مۆدەیە یەکێکیان بەشـــی سەرەوەی کراوەیە واتە قۆڵ دیار دەخات، ئەوەی دیکەش سەر شانەکانی هەیە و ســـەرتاپای لەقاوەیی ڕەنگی بۆ کراوە، ئەمەش وادەکات ببێت بە تۆپ لەمۆدەکانی ئەوساڵ بۆ وەرزی بەهار.



## ـــــره و سەر خوانەکانی خواردن

شوێنی دانیشتنی خواردن، تا چەند جوان و پاك و بەجوانترین شێوە ئامادەکرا بێ، ئەوەندە زیاتر جێگەی خۆشی و مۆدەیەکی جوانکاری تەواو دەبێ، لەم ڕێگەیەدا چاکترین و جوانترین ڕێگاکانی ئامادەکردن و جوانکردنی شوێنی خواردن یان سەر خوانەکان، لەم چەند ڕێگەیەوە دەبێ:

- پاك ڕاگرتنی شوێنی خواردن کە بەهەموو جۆرێك پاشماوە و شتی بچووکیشی لێ نەبێ.
- دانانی کەرەستە و کەلوپەلەکان هەر یەکە لەشوێنی خۆی و بەڕێکی و جوانییەوە، بەتایبەت کاتێك هەر یەکە بەپێی پێویستی خۆی ئامادە دەکرێ، وەك: بەرداخ و دۆلکەی ئاو لەیەکتر نزیك بێ.
- زێدەڕۆیی نەکردن لەدانانی کەلوپەلی خواردن کە ببێتە هۆی شـــێواندن و ناشیاوی جوانی سەر خوانەکە.
- دانانی کەرەستەکانی خواردن بە بەتاڵی و دواتر خواردن بخرێتە ناوی، ئەمەش بۆ پاك ڕاگرتن و کردنەوەی حەزی دانیشتوان بۆ خواردنەکە.
- لەکۆتاییدا هەڵگرتنەوەی کەرەســـتەکان بەســـانایی و دواتریش شووشـــتنیان بەجوانترین شێوە و دواتر لەشوێنی خۆیان دابنرێنەوە.



## ـــــەنگی بووک و زاوا



لایەنێکـــی جوان بەدی دەکرێ، ئەویش دانانی (کێك)ی بووك و زاوایە، کە مانای بەیەکەوە ژیان و هەر لەســـەرەتای ڕۆژی یەکەمەوە چیان هەبێ بەیەکەوە بیخۆن، بەڵام لێرەدا گرنگی دیمەنەکە لەجوانی کێکەکەدا دەبێ، ئەوانـــەی ئارەزوومەندن بۆ گرنگیدان بەکێکی ئاهەنگەکەیان، دەکرێ جوانتریـــن قاڵبی کێك دابین بکەن، ئـــەو کێکانەی مۆدەیەکی جوان دەبەخشـــن لەڕۆژی ئاهەنگ، ئەمیش ئەو جۆرانەن کە لەخوارەوە گەورەیە و لەســـەرەوەش بچووك دەبێتەوە، واتە لەشێوەی سێگۆشە دەبێ، زیاتریـــش جوانتر دەبێ کاتێك ناوی هەر یەکە لەبووك و زاوا لەسەر کێکەکە بنووسرێ.

# جلی کوردی پیاوان لەسەدەی نۆزدەیەم

جلـــی کوردی قۆنـــاغ بەقۆناغ لەگەڵ بەرەو پێشـــچوونی شارســـتانیەت و گۆڕان لەمۆدە و شـــێوازەکانی جلوبەرگ و ژیاندا گۆڕان بەســـەر شێوازە کۆن و کلاسیکەکەی دا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشـــدا هەوڵدراوە کە دیمەنی پێشووی بپارێزرێ و تەنیا لاســـایی بکرێتەوە بەرێگەیەکـــی تازەگەری و جوانتر، ئەوەی دەبینین جلوبەرگی پیاوانی کوردە لەپێشوودا کە جاران شێوازی جلەکان سادەتر و زیاتر چەند ڕەنگێکی دیاریکراو بووە یان بەقوماشی زیاتر ئامادەکراوە، وەك لەو وێنەیە دەبینین کە ئاماژەیە بۆ جلوبەرگی کوردی ســـاڵی (١٩١٥)ی زایینی، ئـــەوەی تێبینیی دەکرێت ســـادەییەکی زۆر بەجلەکانەو دیارە لەگەڵ ئەستووری و زۆریی قوماش و زۆری پشتێن کە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەدرێژایی ساڵ کە لەکاری هەرەوەزی و مەڕداری و کشتوکاڵی دابوونە وەك، یارمەتیدەرێك بووە بۆ پارێزگاریکردن لەپشتیان و پاراستنیان لەسەرما و سۆڵ یان بۆ ڕاگراتنی ئەو چەك و پێداویستیانە بوویێ کە لەڕۆژگارەکانی خەبات و شۆڕشدا بەکاریان هێناون.



# برنج بە پونگ



**ئا:وێنە – ژیان دزەیی**

پونـــگ، یەکێکە لەو گیایانەی کە لەلێواری ئـــاودا دەڕوێت و بۆنێکی خۆشیشـــی هەیە و هەروەها بەســـوودە بۆ مرۆڤ بۆ نەخۆشی ژانە سگ زیاتر، جاران بۆ نەخۆشـــی گەدە بەکاریان دەهێنا، هەروەها لەپێشوودا لەناو باخچەکانـــی ماڵدا دەچێندرێ. ئامادەکردنی پونگ وەك ســـوود وەرگرتن بەم جۆرە دەبێ:

سەرەتا پونگەکە لێدەکرێتەوە و کەل کەل دەکرێ و ئینجا لەسەر سەبەتەیەك دادەنرێ لەبەر هەتاو تا وشك دەبێتەوە، پاشان هەندێك برنج دەهێنین لەگەڵ پونگەکە بەم شـــێوەیە ئامادەی دەکەین. ســـەرەتا هەندێ سماق دەهێنرێ و لەناو بڕە ئاوێك دەکرێ دوایی پونگە وشـــك کراوەکە لەناو ئەو ئاوە دەکرێ و بۆماوەی نیو کاتژمێر لەناو ئاوەکە دەمێنێتەوە، دواتر پارچەیەك گۆشتی بەرخی بەگوێرەی ئارەزووت دەشورێتەوە. لێرەدا دەبێ سماقەکە بپاڵێورێت و لەسەر ئاگر دادەنرێت.

پاشان گۆشتەکەی لەناو دەکرێ و تا ماوەیەك دەکوڵێ و پاشان برنجەکەی لەســـەر دەکرێ، دووبارە بەیەکەوە دەکوڵێـــن تاوەکو ئاوەکەی چك دەکات و ئینجا تەنەکە لەژێری دادەنرێ و تا دێمی دەکێشێ، پاشان ڕۆن دەهێنرێت و سوور دەکرێتەوە بەسەر خواردنەکە دادەکرێ، دواتر بۆ ماوەیەك لەسەر ئاگر دەهێڵدرێتـــەوە دواتر دەیهێننە خوارێ و لەو کاتە ئامادە دەبێ بۆ خواردن و تامێکی خۆش و بەلەزەتی هەیە.

# گرووپی هەڵپەرکێی کوردی لە سوید





گرووپێکی هەڵپەرکێی خنجیلانە و جوان، لەتاراوگە دامەزراوە، کە کاری نمایش و نیشـــاندانی هەڵپەرکێـــی کوردی دەکەن و بەوڵاتانی ئەوروپا و جیهانی دەناسێنن، بیرۆکەی ئەو گرووپە لەلایەن چەند کوڕ و کچێکی کوردی دانیشـــتووی وڵاتی سوید بوو، ئێستا ئەندامانی ئەو گرووپە بەکوڕ و کچەوە نزیکەی (١٥) کەســـن کە بەشـــداری لەبۆنـــە و یادە کـــوردی و جیهانییەکان دەکەن و کـــورد بەکراس و هەڵپەرکێی کوردی بەدنیا دەناســـێنن، چەندەها جۆرە شایی جوان و شایســـتە پێشکەش دەکەن، تەنانەت جگە لەشایی کۆن و ناسراوەکان، جووڵەی تازەشـــیان داهێناوە و کاریان لەســـەر کـــردووە، ئەو گرووپە لەنزیکەی (٢٠) تا (٣٠) فیســـتیڤاڵ و ئاهەنگ و بۆنەی گەورەدا نمایشـــیان ئەنجام داوە کە بەگەورەترین گرووپی هەڵپەرکێ کوردی لەئەوروپا دادەنرێ، توانیویانە نازناوی پلەی یەکەم بەدەســـت بهێنن لەکەرنەڤاڵی کەلتورەکانی شاری ئۆپســـالای سوید، ئەمەش دەبێتە کارێکی جوان بۆ ناســـاندنی کورد بەڕێگەی هەڵپەرکێ و شـــایی کوردییەوە، ئەو گرووپەش بەگرووپی هەڵپەرکێ ئۆپسالا ناسراوە و تا ئەمڕۆش بەشداری لەبۆنە و یادە کوردی و جیهانییەکان دەکەن.





# سەیرترین فیستیڤاڵ لەجیهان

کارە سەیرەکان بەگەورە و بچووکی نییە، هەر یەکە دەتوانێ بیرۆکەیەکی جوان بهێنێتە کایەوە بۆنەیەك یان یادێك دروست بکات، بەڵام ئەو بۆنەیە جێگەی ڕەزامەندی و قبوڵی گشت لایەنێك بێ، بەپێی ئاژانسی (ئیندیا نیوز)ی هیندستانی، سەیرترین فیستیڤاڵ ئەنجام دراوە لەوڵاتی هیندستان و لەگوندێکی بچووکی ئەو وڵاتە بەناوی (کیلا ڕایبۆر)ە، کە ساڵانە سەیرترین پێشبڕکێ و فیستیڤاڵ لەو گوندە بچووکە نمایش دەکرێ، نمایشەکانی فیستیڤاڵەکە بۆ خۆشییە و تەنیا بۆ زەردەخە و پێکەنین خستنە سەر دەم و دڵی ئامادەبووانە، گشت کەسێك دەتوانێ بەشداری ئەم فیستیڤاڵە بکات، بەڵام دەبێ بیرۆکەیەکی بێ مانا و خۆشی هەبێ، وەك ئەوانە: ڕاکردنی پیاوە پیرەکان لەپێشبڕکێ – هەڵگرتنی شتێکی گەورە بەدەمەوە- بازدان لەناو بازنەیەکی ئاگرینی- پیاز خواردن – هەڵپەڕین بۆ ماوەیەکی زۆر و چەندین کاری دیکەش!

## نمایش لەگەڵ بزماردا!

**ماوەیەك بەر لەئێستا هەواڵی ئەو پیاوەمان بڵاوکردەوە کە نمایشێکی ئامادەکردبوو تاوەکو لەسەر بزمار بۆماوەی (١٠) چرکە لەسەر دەست و سەری بوەستێ، کەچی وادیارە (شۆ تشیانیگ) پاڵەوانیی خۆی دەردەبڕێ کە پیاوێکی (٥٦) ساڵە و بەسەرییەوە لەسەر بزمارێکی بچووك دەوەستێ، ئەوەی سەیرە ئەو پیاوە لەهەر شوێنێك بەدڵی بێ، نمایشی خۆی ئەنجام دەدات. ئەو یارییە بەیارییەکی بەنرخ دادەنرێ لەلایەن چینیەکان، کە پێی دەگوترێ (کیوگۆنگ)، زیاتر ئەو یارییە لەناوچەی هۆبی ئەنجام دەدرێ کە خەڵکی ئەو ناوچەیە خاوەن جەستەیەکی بەهێز و سەیرن.**





## کچە کوردێک و نمایشێکی خنجیلانە

**ڕەوەند بەختیار**

بەرەوپێشچوونی لایەنەکانی ژیان و پەرەپێدان بەکارگە و تەکنۆلۆژیا وایکرووە تا ڕاددەیەك بەرهەمە خۆماڵی و دەستکردەکان برەوێکی ئەوتۆیان نەبێت، لەئێستاشدا کۆمەڵێك کەسی ئارەزوومەند خولیایان کارە دەستی و خۆمانەییەکانە، بۆیە جوانی لەکارەکانیان بەجێگەی نمایشێکی خنجیلانە دادەنرێت.

(ڕەز شۆڕش) ئارەزوومەند و دەست ڕەنگینێکی ئەو بوارەیەو سێیەم پێشانگای تایبەتی بەرهەمی دەستییەکانی خۆی کردەوە، ڕەز بەگوڵانی ڕاگەیاند چەندین ساڵە خەریکی ئەو کارەیەو سەدان بەرهەمی دەستی دروست کردووەو لەپێشانگاکاندا نیشانی داوە، وەك خۆی دەڵێت: پێشانگای ئەمجارە جیاواز بووە، چونکە بەرهەمە ئێسکسسواریەکان ستایلیان جیاواز بووە و چەند لایەنی گرتۆتەوە کە بریتیبوون لە٦٠ مەدالیای دەستکرد، ٤٠ تەسبیحی نەخشین، چەندین جانتاو پارچەی ئێکسسواری تر کە خانمان بۆ جوانکاری بەکاری دەهێنن، شایەنی باسە هەموو بەرهەمێکی دەستی زۆر بەنرخترە لەوەی کە لەبازاڕ هەیە، چونکە تایبەتەو بەماندووبونێکی زۆر دێتە بەرهەم و بەمەش بەرهەمێکی خۆماڵی دەبێ و بەدەستی خانمێکی کورد دروست دەکرێ.

## نوکتە



- یەکێك تازە ئاوێنە دەبینێت سەیری دەکات و دەڵێت هەی لەوە.. ئەم برادەرە دەناسم!!
هاورێکەشی ئاوێنەکەی لێ وەردەگرێ و سەیرێکی دەکات و دەڵێت: بێ ئەقڵ ئەوە منم...

* * *

- بەکابرایەک دەڵێن ناوی سێ گۆرانیبێژمان پێ بڵێ کە ناویان بە پیتی (یش) کۆتایی بێت ئەویش دەڵێت: دارویش، حەسەن زیرەکیش، موعینیش.

## دیوانە شیعر



**حاجی قادری کۆیی کە وەسفی میللەتی کورد دەکات دەڵێ:**

دەتەوێ پێت بڵێم چییە کوردی
عاقڵی و چاپوکی و جەوانمەردی
میللەتێکە لەفەوقی تورک و عەجەم
صاحیبی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## تابلۆ




### گوڵەکانی بەهار

تابلۆی گوڵەکانی بەهار و با، لەوێنەکێشانی هەردوو گەورە وێنەکێشی بەریتانی (جۆن ولیان و وتر هاوس)، کە باس لەناخی کچێك دەکات، بەگوڵەوە داپۆشراوە و لەگەڵ گوڵەکانی بەهاردا سەما دەکات و بە هەوای وەرزی بەهار، لەگەڵ جلەکانی کچەکەدا سەما دەکەن.

## پەندی ناوداران

### ساموێل ئادامس



**- رووخسار و قەڵەم**
**میشیل فۆکۆی گەورە نووسەر دەڵێ :**
**لە کاتێکدا چۆن دەم و چاو و رووخسارمان لە یەکتر ناچن داوامان لێ دەکەن قەڵەمەکانیشمان لە یەك بچن !**
**- رۆح و نەخۆشی !**
**ڕۆحێکی نائارام ئەتوانێ جەستە تووشی هەزاران نەخۆشی بکات...**

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (نێرگز) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی گەرم)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (گیاندارێکی خشۆکە ژەهری هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦+٧) کۆبکەیتەوە بەمانای (ڕەنگێکە، لەوەرزی بەهار دەردەکەوێ)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٧ کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئامێرێکی میوزیکە، لەدار و تێل دروست دەکرێ دەنگی ناسکە)